# بۆ یادت کاک کەریمی حسامی



Karimi Hussami
1926 - 2001

**1926/1/9 ـ گوندی بەیرەم ناوچەی مەنگوری مەهاباد ــ 10/6/ 2001 ستۆکهۆڵم**

( لە بەرگی دەیەمی بیرەوەرییەکانمدا ئاماژەم بەوەکرد بوو کە ئەگەر تەمەن مەودا بدا، بەشێکی دیکەی سەربردەی ژیانم لە ئاوارەیی و دەربەدەریدا دێنمە سەر کاغەز و ئەگەر توانای چاپکردنیشم بۆ رەخسا، هەر چەندە گوڵێکی سیسیش بێ با لە گوڵزاری ئەدەب و نووسینی کوردیدا، بخرێتە بەر دەستی خوێنەرانی کوردەوە.)... ئەمە سەرەتایەک بوو کە کاک کەریمی حسامی بۆ بەرگی یازدەی بیرەوەرییەکانی نووسیبوو، مەرگیش مەودای نەدا بە چاپکراوی کتابەکەی ببینی و کەمال حسامی و ناسر ئیبراهیمی بۆیان چاپ کرد.کاک کەریمی حسامی لە ماوەی 1986 ــ 2001 یازدە بەرگی لە بیرەوەرییەکانی نووسیووە و گەیاندیە بەر دەستی خوێنەرانی کورد، لەو 15 ساڵەدا جگە لەو بیرەوەرییانە دەیان بەرهەمی تری چاپ کردووە و بە سەدان گوتار و سەرنج وبیروڕای خۆی بڵاوکردۆتەوە...ئەو بیرەوەریانە دەبنە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ باسی سیاسی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان و بەڵگەنامە و وێنە و نامەی زۆر گرنگ لەو بیرەوەریانە چاپ کراوە . کاک کەریم پیرەکی ماندوونەناس بوو ، ژیانێکی بە بەرنامەی بۆخۆی دارشتبوو، کاتی نان خواردن و نووستن و نووسین و خوێندنەوە و سەفەری هەموو دیار بوو. هەر بە هۆی ئەو بیرەوەریانەی هەموو

ژیان و کار و بەرهەمی ئەو نووسەرە بەهرەدارە ئاشکرا و روونە ، نووسەرێک ئەگەر بیەوێ دەربارەی کاک کەریم بنووسێ ، ئەوا بە ئاسانی دەتوانی بیرەوەرییەکانی هەڵبداتەوە و کاروبەرهەمەکانی هەڵسەنگێنی ، زۆر بە دوور و درێژی سەربردەی ژیانی خوی باس کردووە، رۆژی لە دایک بوون و شوێنی لە دایک بوون زۆرجار بۆ نووسەرانی کورد جێگای گفتوگۆیە بەڵام کاک کەریم ئەو کارەشی بۆ خوێنەری کورد ئاسان کردووە و وەکو خۆی لەبەرگی یەکەمی بیرەوەرییەکانی نووسیوە (( وەک باوکم بە دابی کۆنی خوێندەواری کورد لە پشتی قورعان نووسیویە و لە پێناسم دا تۆمارکراوە، رۆژی 19 بەفرانباری ساڵی 1305 ی هەتاوی 9ی مانگی ژانویەی 1926ی زایینی لە گوندی (بەیرەم)ناوچەی مەنگوری مەهاباد لە خێزانیکی وەرزێر و دیندار لە دایک بووم.))... رۆژی شەمە رێکەوتی 10/6/ 2001 کاتژمێر 10.30 لە یەکێک لەنەخۆشخانەکانی شاری ستۆکهۆڵم دڵە گەورەکەی وەستا...رۆژی 2001/10/14 لە گۆڕستانی سپۆنگە( **ngaåSp** ) لە شاری ستۆکهۆڵم بە خاک سپێردرا... ناوی تەواوی کەریمی میرزاحامید عەولای خدرەهاری لەنووسین وسیاسەتدا بووە کەریمی حسامی ، جار جارە بە ناوی جۆراوجۆر بەرهەمی بڵاودەکردەوە و هەر لە تەمەنی لاویدا بووە ئەندامی ژمارە 18ی کۆمەڵەی ژ.ک لە ناوچەی سندوس...پاشان لەگەڵ لاوانی پێشکەوتوخوازی ئێران بەشداری فیستیڤاڵی لاوانی کرد لە بۆخارست... تا ساڵی 1984 ئەندامی حیزبی دیمکراتی کوردستانی ئێران بووە و گەیشتووە بە ئەندامی دەفتەری سیاسی... لە سۆفیا بووە بە وێژەر لە رادیۆی پەکی ئیران... لە سوید رۆژنامەی سەردەمی نوێ ی دەرکرد...بەشداری لە کۆڕوکۆبونەوەکانی دەرەوەی کوردستان کردووە و لەسەر مەسەلەی کورد و ناساندنی بەشداری کۆبونەوەکانی کردووە کە بونەتە هاوکاری و پشتگیری بۆ مەسەلەی کورد...باس و لێکۆڵینەوەی بۆ کوردەکانی ئەوروپا پێشکەش کردووە ...کاک کەریمی حسامی دوستێکی نزیکی حیزبی شیوعی عێراقی بە گشتی و کاک عەزیز محەمەد بە تایبەتی بوو.

**بەرهەمەکانی کاک کەریم حسامی :**

1ـ کاروانێک لە شەهیدانی کوردستانی ئێران...

2ـ وەڵامێک کوردی و فارسی ...

3ـ رێنوێنی شەری پارتیزانی...

4ـ لە دەوری رێکخراوی لاوانی حیزبی دیموکرات کۆبینەوە...

5ـ رەخنە و لێکۆڵینەوە لەسەر کتێبی حوسێنی مەدەنی...

6ـ چەند قسەیەک لەگەڵ خەبات...

7ـ کورد و فەرهەنگی بێگانە...

8ـ لێکۆڵینەوەی کورتە باسێک لەسەر سوسیالیزم کوردی و فارسی...

9ـ تایبەتی کۆنگرەی شەشەم...

10ـ کۆماری دیموکراتی کوردستان یا خودموختاری...

11ـ یادی هێمن...

12ـ لە پێناوی چی دا...

13ـ بادانەوە...

14ـ کڕ و کاش...

15ـ سەفەر بۆ کوردستان...

16ـ حکایەت کردن یا نووسینی مێژوو...

17ـ کورد لە گەمەی دەوڵەتانی زلهێز و حکوومەتانی ناوچەدا...

18ـ پێداچوونەوە بەرگی یەکەم و بەرگی دووەم...

19ـ لە بیرەوەریەکانم 11 بەرگ...

20ـ گەشتێک بە نێو بیرەوەرییەکاندا...

**ئەو بەرهەمانەی کاک کەریمی حسامی کردوونی بە کوردی :**

1ـ دایک مەکسیم گۆرکی...

2ـ ژیان وکردەوەکانی لینین...

3ـ زەوی بچوک برژنێف...

4ـ کۆمەڵە چیرۆکی هەڵبژاردە لە ئەدەبی بێگانە...

5ـ مەسەلەی کورد لە پەرلەمانی سوید...

6ـ رەوشی کوردان مێژووی ئەردەڵان وبابان...

7ـ ئازادی یا مەرگ کازانزاکیس...

8ـ مەسەلە و زاری گوتنی لوڕی...

9ـ ڕۆژەکانی ئێران ڕۆژڤێلت...

10ـ ئەفسانە کوردییەکان ڕۆدینکۆ...

11ـ لە کوردستانی ئێرانەوە تا ئەو پەڕی ئاراس...

12ـ نان و شەراب ئینیاتسۆ سیلونە...

13ـ دیموکراسی چی یە...

14ـ یاسای بنچینەیی ئابوری سۆسیالیستی {چاپ نەکراوە}...

15ـ حەمە چکۆڵ ئینجە مەمەدی یەشار کەمال{چاپ نەکراوە}...

16ـ ئوسوڵی سەرەتاییەکانی فەلسەفە پۆلستەر{چاپ نەکراوە}...

17ـ نامەکانی گولـە بارانکراوەکان {چاپ نەکراوە}...

هەزار سڵاو لە گیانی پاکی کاک کەریمی حسامی.

**فــەهــد گـــــردەوانــی 2005/10/6 ستۆکهۆڵم**